# له بەرامبەر دەسەلاتی بلۆك و دارو بەرددا بینه وەلام!

هلاله رافع



له کاتیکدا که کوره 18 سالەکەم سەیری سایته کوردیەکانی ئەکرد چاوی کەوتبو به فیلمی بەردباران کردنی دوعا کچه کوردی یەزیدی 17 ساله.
لەو کاتەدا دەنگی لی بەرز بوەوەو بانگی کردم دایه وەره سەیرکه چۆن خەلك خەریکن به بەردوو بلۆك ئەو کچه ئەکوژن، لەو کاتەدا که چوم تەنها بۆ چەند چرکەیەك چەندەها پرسیار له میشکی منیشو ئەویشدا ئەهات و ئەچوو وه بەبەر خۆمانەوه ئەمانوتەوه.
چۆن شتی وا روو ئەدات؟ ئەو کچه چی کردوه تا وای لی بکەن؟ ئەی باشه کەس لەویدا نیه دیفاعی لی بکات؟ خۆ ئەوه پۆلیسیشه وەستاوه لەگەل خەلکەکەدا؟

کاتیك که خۆم زیاتر سەیری فیلمەکەم کرد توشی شۆك بووم، موچرك به هەموو لەشمدا دەهات وه لەهەمان کاتدا بی ئەندازه تورەبووم وه گریانیکی قولم دەهات، وه نەمتوانی هەموو فیلمەکه سەیر بکەم وه پاش چەند چرکەیەك هەموو ووشەکان له قورگمدا وەستان و نەمدەتوانی  هەستی خۆم بەرامبەر بەو کارەساته دەربرم.
پاش ئەوه بۆ چەند رۆژیك بیدەنگ بووم، چونکه بەراستی هیچ ووشەو تفسیریکم نەدەدۆزیەوه که پاساوی ئەو وەحشی گەریه بدات وه تورەیی و غەزەبم لەبەرامبەر ئەو رووداوه نامرۆڤایەتیەدا هیواش بکاتەوه.
له هەمان ئەو ساتانەدا که بیرم له رووداوەکه ئەکردەوه وه ئەو ووشانەی که لەدەوروبەری ئەو دیاردەیەدا له میشکمدا دەسورایەوه وەك ئایین، پیاوسالاری، فەرهەنگ، عەشیرەتگەری، بی قانونی وه دەسەلات، بلۆك، دار، بەرد به هیچ شیوەیەك نەمدەتوانی له رستەدا بەکاریان بهینم وه مانایان پی ببەخشم له بەرامبەر ئەو مردنه دل تەزینەدا.
وه له راستیشدا ناکری وه نابی ریز وه پیروزی بۆ هیچ کام لەو ووشانەو هەزارەهای تریش لەبەرامبەر ساتیك ژیانی مرۆڤیکدا دابنریت. ئایا ئەگەر فەرهەنگو یاسا و دەسەلات له خزمەتی مرۆڤ دا نەبیت چ بەهایەکی هەیه؟ لەم نیوەدا خودی مرۆڤ وه حورمەتی له پیش هەموو شتیکدایه وه لەهەموو دیاردەیەکی تر پیرۆزتره.

له سەرەتای سالەکانی 90 وه کوشتنی ژنان له کوردستاندا زۆر بەربلاوه که بەشیکی زۆری پەیوەندی به بارووދۆخی سیاسی عەشیرەتگەری وه نەبوونی دەسەلات وه یاساوه هەیه، بەلام دەسەلاتداران هیچ مەسئولیەتیکیان له بەرانبەر ئەم رووداوەدا نەبوو وه دادگاییەکی عادلانه لەبەرامبەر هیچ رووداویکدا نەکراوه.
وه ئیستاش له کاتیکدا که بۆ یەکەم جار له میژووی تازەی عیراقدا رووداوی وا دلتەزین وه وەحشیانه روو ئەدات سەرەنجامی نەبوونی دەسەلات وه یاسایه له سەراسەری عیراق وه کوردستانیشدا وه بەردەوامی هەمان باروودۆخه.

بەلام له ئیستادا ژنان به ئاشکرا بوونەته زەخیره و چەکی شەر و تایەفه گەری و مەزهەب، وه تەنها به کوشتنەکه رازی نابن بەلکو له دوای ئەوەش به بی ئیحتیرامیەکی زۆرەوه لاشەی ساردەوەبووی دوعاکان پاش ئەوەی خەلتانی

خوین دەکرین نیشانی خەلك ئەدریت وە دەبیتە تەهدید بۆ گیانی هەموو ژنانیك كە بیانەوی بەرگری لە بوون وە بیرکردنەوەو حەزەکانیان بکەن.
لە راستیدا کۆمەلگا وە فەرهەنگی خەلکی زۆر لەوە بەرزتر وە ئینسانی ترە کە ئەوان نیشانی دونیای دەدەن، وە هەر ئەو فەرهەنگەیە كە خەریکە چۆك بە دەسەلات وە عەشیرەت وە ئایین دائەنەوینی وە وای لیکردوون کە خەریکن بە ریاکاریەوە پیشبرکی لەسەر بیتاوانی و پیاو چاکی خۆیان دەکەن!!!!
ئەگەر کۆمەلگا بە کوشتنی ژنان، وە لوتبرین و ئەتك کردن و تەعەدا لیکردنیان لەبەرامبەر دەسەلاتدارانداا ئاگری نەکردەوە ئەبیت ئیستا لە بەرامبەر دەسەلاتی بلۆك و داروو بەرددا بیتە وەلام وە دنیایان لی بهەژینی کە هەژاندویەتی.

2007-4 -29

ستوکهولم